تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
خەبات
XEBAT
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5190) پێنج شەممە 12ی کانوونی دووەم 2017 «16» لاپەڕە «500» دینار

شێخ جەعفەر: ئێستا هەست بە گرنگیی ڕێککەوتنی ستراتیژیی پارتی و یەکێتیی دەکرێت

شێخ جەعفەر شێخ مستەفا ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و فەرماندەی یەکەی 70ی هێزی پێشمەرگە لە لێدوانێکدا بۆ کوردستان 24 ڕایگەیاندووە: ئەزموونی سەردەمی کارپێکردنی ڕێککەوتنی ستراتیجی پارتی و یەکێتی دەرخەری ڕاستی بۆچوونەکانی هەردووک لایەن و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بوو، ئێستا هەست بە سەنگ و گرنگی ڕێککەوتنەکە دەکرێت. گوتیشی: بەرپرسی چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان بە ڕادەیەکی یەکەم لە ئەستۆی یەکێتی و پارتییە، بۆیە پێویستە یەکێتی و پارتی بە هاوپەیمانێتییەکی نوێ ڕێککەون. شێخ جەعفەر دەشڵێت: بە ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی بەجیا لەگەڵ حزبەکانی دیکە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ژیان و ئاسایشی هەرێمی کوردستان نابێت..

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی ژاپۆن دەکات

سەرۆک بارزانی: پێشمەرگە توانی مەترسیدارترین و دڕندەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی و دوژمنی مرۆڤایەتی تێکبشکێنێت



دوێنێ چوارشەممە 2017/1/11 لە سەلاحەدین بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز کێنتارۆ سونۆرا وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی ژاپۆن و شاندێکی یاوەری کرد کە لە فۆمیۆ ئاوای باڵیۆزی ژاپۆن لە عێراق و کاتسۆمی مۆریاسۆ کونسوڵی ژاپۆن لە هەرێمی کوردستان پێکهاتبوو. لەدیدارەکەدا وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی ژاپۆن، خۆشحاڵیی خۆی بە دیدارەکە ڕاگەیاند و سوپاسی سەرۆک بارزانی کرد بۆ ڕۆڵ و خەباتیان لە چەسپاندنی ئاشتی و بەرەوڕووبوونەوەی تیرۆر. هەروەها سوپاسگوزاریی خۆی بۆ پێشمەرگەی کوردستان ڕاگەیاند کە توانیویانە تیرۆریستان تێکبشکێنن.

وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی ژاپۆن ڕاشیگەیاند کە وڵاتەکەی دەیەوێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پەرە پێ بدات و بۆ ئەو مەبەستەش ئەمڕۆ کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لەهەولێر دەکرێتەوە و بەڕێز کاتسۆمی مۆریاسۆی وەک کونسوڵی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان بە سەرۆک بارزانی ناساند.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی ژاپۆن ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ هاوکاریی کردنی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا ڕاگەیاند، بە تایبەتیش لە پووچەڵکردنەوەی تەقەمەنییەکانی پاشماوەی شەڕ و پەرەپێدانی ئابووری و پیشەسازی و تەندروستی.

دواتریش وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی ژاپۆن داوای لە سەرۆک بارزانی کرد سەرنج و تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە داهاتووی تیرۆریستان بخاتەڕوو تا بەرچاوڕوونیی زیاتریان هەبێت.

لە بەرانبەردا سەرۆک بارزانی وێڕای بەخێرهێنانی شاندی میوان، دەستخۆشی و پیرۆزبایی کردنەوەی کونسوڵخانەی ژاپۆنی لە هەولێر ئاراستەی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی ژاپۆن و شاندی یاوەری کرد و سوپاسی حکوومەت و گەلی ژاپۆنی کرد و کردنەوەی کونسوڵخانەی ژاپۆنی لە هەولێر بە هەنگاوێکی باش بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی هەردوولا وەسف کرد و ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ فراوانترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتی ژاپۆن ڕاگەیاند.

سەبارەت بە ئایندەی تیرۆریستان سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند: پێشمەرگە توانی مەترسیدارترین و دڕندەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی و دوژمنی مرۆڤایەتی تێکبشکێنێت کە هەڕەشەیە بۆ سەر هەموو جیهان. ئێستا ئەگەرچی داعش لە داڕووخان و شکستی گەورەدایە، بەڵام ئەوە مانای وانییە کە تێکشکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لەڕووی سەربازییەوە دەبێتە کۆتاییهاتنی تیرۆر و توندڕەیی، چونکە ڕەنگە بەناوی جیا و شێوازی جیاواز دەربکەونەوە. بۆیە پێویستە هەماهەنگی و هاوکارییەکی هەمەلایەنە هەبێت بۆ لەناوبردنی تیرۆر و توندڕەیی، نەک هەر تەنیا لە ڕووی سەربازی بەڵکوو لە هەموو ئاستەکاندا. باسکردنی ڕەوشی سیاسی و سەربازیی ناوچەکە بەشێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

نێچیرڤان بارزانی: مامۆستا هێدی نموونەیەک بوو لە جوامێری و شۆڕشگێڕی و وەفاداری

3

ئێوارەی دوێنێ چوارشەممە 2017/1/11 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و بەڕێزان وەزیر و پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و بیرمەند و شاعیر و مامۆستایانی زانکۆ و ڕۆشنبیران و کەسوکار و دۆست و هاوەڵ و هۆگرانی، ڕێوڕەسمی یادی نووسەر و شاعیر و خەباتکاری گەورەی کۆچکردووی کورد مامۆستا خالید حوسامی ناسراو بە (هێدی) شاعیر بەڕێوەچوو.

2

مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی لە شاری هەولێر کۆبوونەوە

هەڵوێستێکی درەنگوەخت

سەلام عەبدوڵلا

یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) لەدوا بەیانیدا، هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە PKK دەردەخات، و وای نیشان دەدات کە هیچ پەیوەندییەکی بەو ڕێکخراوەوە نییە و ڕێکخراوێکی سەربەخۆیەو دەیەوێت پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ دراوسێکاندا هەبێت بە دەوڵەتی تورکیاشەوە.

هەر لەو بەیانەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوان وەکوو YPG سنوورەکانی نێوان خۆیان و تورکیایان پاراستووە و ئەو سنوورانە زۆر هێمن و خاوەن ئاسایشن کە لەکاتی دەسەڵاتی ڕژێمی سوریاو هێزەکانی تردا بەو شێوەیە نەبوون و لە درێژەی بەیانەکەشدا داوای کۆتایی هێنانی شەڕی نێوان PKK و حکوومەتی تورکیا دەکات.

ئەم هەڵوێستانە ئەرێنین بەڵام زۆر درەنگ کەوتن کەڕەنکە ئێستا و بۆ ئەمڕۆ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبێت و بەهەڵوێستێک لەکاتی لاوازیدا لەقەڵەم بدرێت.

PYD و باڵە سەربازییەکەی دەیانتوانی سوودێکی زۆر لەناکۆکی نێوان حکوومەتی تورکیاو حکوومەتەکەی بەشار ئەسەد وەربگرن بەوپێیەی هەردوو لایان تورکیا و YPG دژی دوژمنێکی هاوبەش بوون بەڵام سوور بوونی PYD لەسەر پابەندبوون بەبیروبۆچوونی PKK و هەڵوێستەکانی و ڕێنماییەکانی ئەو دەرفەتەی لە کیسداو بەکردار PYD کەوتە بەرەی PKK وە بەو پێیەش تورکیا بە بەشێک لە PKKی لەقەڵەم دەداو دژایەتی چ سیاسی و چ سەربازی دەکرد. ئێستا کە تورکیا هەنگاو بەرەو ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی ژێر بە ژێر لەگەڵ سوریا دەنێت، بێگومان لەسەر حیسابی PYD و YPG دەبێت، چونکە داواکانی تورکیا بریتیە لە نەهێشتنی دروستبوونی کیانێک یان فیدراڵیەتێک لە نزیک سنوورەکانی و بۆ ئەم مەبەستەش هەموو جۆرە هەنگاوێک دەنێت.

سیاسەتی نا واقعیانەی PKK سەبارەت بە باکورو باشوور و ڕۆژئاوا هەردەبوو ئاکامەکانی بەم جۆرە بێت، ئەوان کە لەڕێی HDP وە بوونە خاوەن ٨١ کورسی لە پەرلەمانی تورکیادا، دەبوو ئیدی دەست بدەنە کاری سیاسی و ئەو مۆڵەتە بقۆزنەوە بۆ دەستکەوتی زیاتر کە ئەو کاتە دەتوانرا بینە هاوکاری دامەزراندنی حکوومەتێکی هاوبەش لەگەڵ AK پارتیدا کەچی بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوتیان کردو تا کار گەیشتە نوێبوونەوەی شەڕو ئەم بارودۆخەی لێکەوتەوە کە بریتییە لە وێران بوونی شارەکانی باکورو گیرانی زۆربەی سەرکردەکانی HDP و لەدەستدانی جەماوەرێکی زۆریش لە باکوردا.

سیاسەتی قۆرخکاریشیان لە ڕۆژئاڤا و نەهێشتنی پارتییەکانی تر بۆ کارکردنی سیاسی و بەرگری لەناوچە ڕزگارکراوەکان و بەرزکردنەوەی دروشمی وەک دەوڵەت و ئاڵامان ناوێت و یەکپارچەیی خاکی سوریامان دەوێت ئەمیش دەبوو ئەنجامەکەی هەر بەمجۆرە بێت کە ئێستا دەبینرێت.

ئەوە سیاسەتیشیان بەرامبەر باشور ڕوون و ئاشکرایە کە لە سەر ئێشە بۆ هەرێم زیاتری لێ پەیدا نابێت.

هەر بۆیە بڕوا ناکرێ ئەم هەڵوێستەی دوایی YPG و PYD پێشوازییەکی ئەرێنی لێبکرێ.

مەسرور بارزانی پێشوازی لە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی ژاپۆن و شاندی یاوەری دەکات



دوێنێ چوارشەممە مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە میانەی پێشوازیکردنی لە کێنتارۆ سۆنۆرا وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی ژاپۆن و شاندی یاوەری ڕایگەیاند، ئایندەیەکی گەش بۆ گەلی کوردستان لەپێش دایە، کە بەهۆیەوەی سەقامگیری و بوژانەوەی زیاتر لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ ناوچەکە بەدیدێت. لە کۆبوونەوەیەکدا، کە بە ئامادەبوونی فۆمیۆ ئاوای باڵیۆزی ژاپۆن لە عێراق و کاتسۆمی مۆریاسۆ کونسوڵی ژاپۆن لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، تیشکخرایە سەر پەیوەندیی دووقۆڵی نێوان هەرێمی کوردستان و ژاپۆن لە بوارە جیاجیاکاندا. لەوبارەوە مەسرور بارزانی کردنەوەی کونسوڵگەری ژاپۆنی لە هەولێری پایتەخت بۆ باشتر فەراهەمکردنی بەرژەوەندی دوولایەنە بە هەنگاوێکی پێشکەوتوو دانا و ڕایگەیاند، ئایندەیەکی گەش بۆ گەلی کوردستان لەپێش دایە، بەهۆیەوە ناوچەکە سەقامگیریی و بوژانەوەی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێ.

لەلای خۆیەوە کێنتارۆ سۆنۆرا بەڕێز و پێزانینەوە باسی لە قارەمانێتی و قوربانییەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژ بە تیرۆریستی نێودەوڵەتی کرد و ڕایگەیاند، هەرێمی کوردستان بۆ ژاپۆن زۆر گرینگە و ئێمە دەمانەوێ پەیوەندی پتەومان لەگەڵیدا هەبێت و گوتی: لە پلان دایە ئەو پەیوەندیانە فرەوان بن و بوارەکانی کلتوور و پەروەردە و ژێرخانیش بگرێتەوە.

پەرەسەندن و گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکانی ناوچەکە و بەردەوامی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی مووسڵ و هەماهەنگی و گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون.

3

مامۆستایەکی ئایینی بەناوبانگی کوردستان کۆچی دواییکرد

ئاسایشی هەولێر: سۆران عومەر بە مەبەست بێڕێزیی بە ئاسایش کردووە و دەمانچەی لێ ڕاکێشاون

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ڕایدەگەیێنێ، پەرلەمانتارەکەی کۆمەڵی ئیسلامی بێڕێزیی بە کارمەندان کردووە و دەمانچەی لێ ڕاکێشاون و، بەڵگەشیان لەبەردەستە. دەشڵێ، سۆران عومەر بەمەبەست ئەوکارەی کردووە. د. تاریق نووری بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە هێزەکانی ئاسایش لە ئەرکی گشتیدان و خزمەت بە هاووڵاتیان دەکەن، بەڵام کە خەڵک بە بازگەدا تێپەڕ دەبێت، ناکرێت بێڕێزیی بە کارمەندەکان بکات. هەڵبەت پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی (سۆران عومەر) بە بازگەدا هاتووە و بێڕێزیی بە کارمەندان کردووە و دەمانچەشی لێ ڕاکێشاون، ئەمەش لە جیاتی ئەوەی دەستخۆشییان لێ بکات، کەچی بەوجۆرە مامەڵەی لەگەڵ ئاسایشدا کردووە. بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر گوتیشی، خۆی کێشەکە لەگەڵ پەرلەمانتار سۆران عومەردا بووە و عەلی حەمەساڵحیش لەوێ بووە، خۆی سۆران بە مەبەست ئەو کێشەیەی دروستکردووە تا باسێک بخاتە سەر شاشەکانی تەلەڤزیۆن و تێیدا باس لەوە بکات ئاسایشی ڕێگری لێ کردووە. د. تارق نووری ئاشکرایشی دەکات کە، دوای ئەوەی پەرلەمانتارەکەی کۆمەڵ کێشەی دروست کردووە، بە ویستی خۆی گەڕاوەتەوە و نەهاتووەتە هەولێر، گوتیشی: ئێمە بەڵگەمان لەدەست دایە، ڤیدیۆکە هەیە کە چۆن دێت و بێڕێزیی بە ئاسایشەکان دەکات و دەمانچەیان لێ ڕادەکێشێت.

د. تارق نووری ئەو دەنگۆیانەش ڕەتدەکاتەوە کە ئەم ڕووداوە بەرنامە بۆ دارێژراو بووبێت و بە ناڕاست وەسفی دەکات. دەشڵێ ڕۆژانە پەرلەمانتار هاتووچۆ دەکەن، بەڵام هەندێک ڕێکار هەن لە بازگەکان پێویستە بگرینە بەر؛ لەبەر ئەوەی ئەوەی ئێمە لە بەغدا و شارەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، بازگەکانن و ئەگەر ئەو بازگانەش نەبن، ئەوەی خۆی لە بەغدا دەتەقێنێتەوە، دێتە هەولێریش ئەو کارە دەکات. جا لەبەرئەوە کە ئەرکی کارمەند و ئاسایشی بازگەکان پرسیار و پشکنینە، جا پێویستە ئەوەی بەو بازگانەدا ڕەت دەبێ، لێپرسین و پشکنین بۆ هەموو کەسێک بێ جیاوازی بکرێت، بەڵام ڕاستییەکەی وایە کە سۆران عومەر هاتووە بێڕێزیی کردووە و دەمانچەی لە ئاسایش دەرهێناوە.